کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-5-2007 19:21بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

بۆ/ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
پەرلەمانی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**بابەت/ ناردنە دەرەوەی بەپەلەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیای**

ئەوەی نۆزدە ساڵ بەر لە ئیستا لە هەڵەبجەی شەهید رویدا کارەساتێکی ئاسایی و سادە نەبوو، کە تەنها ئەو قوربانیانەی لێکەوتبێتەوە کە لەو چرکە ساتەدا شەهید بوون، لەو مێژووە بەدواوە بە تەواوی تایبەتمەندیەکانی شارێك گۆردرا و هەزاران کەسی بێتاوان بوونە قوربانی و شەهید بوون بە هەزارانی دیکەش بریندار و دەربەدەر بوون کە لەبەر گەورەی و خراپی ئەو چەکەی دژیان بەکار هات بەشی زۆری ئەو بریندارانە لەدوای نۆزدە ساڵ تێپەر بوون بەسەر ئەو کارەساتەدا بەو ئازارو ئێشەوە ئەنالێن و وەك ئەوترێت "لە جەنگێکی بەردەوامدان لەگەڵ مەرگدا".
بەداخەوە لەدوای ئەو کارەساتەو پاش پێکهێنانی پەرلەمان و کابینە یەك لە دوایەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی ئەبینرێت هەڵسوکەوتی حکومەتی هەرێم لەگەڵ خەڵکی لێقەوماو و بەشمەینەتی ئەم شارەدا بەشی هەرزۆری "لەچوار چێوەی دروشم بازی و بەلێندا بووە" کەمترینیان کردار بووە.
ئەوەی ئێستا ئەم کەمپینەی بۆ دروستکراوە داواکاری مادی نیە، داواکاری نیە بۆ خزمەتگوزاریە سەرتایەکانی ئەم شارە کە بەداخەوە لەم رووەشەوە ئێجگار هەژارە، ئەوە ئێستا قسە کردنە لەسەر ژیانی ژمارەیەك ئینسان کە لە لێواری مەرگدا جەنگی بەردەوام لەگەڵ مەرگدا ئەکەن، دواکاریەکی زۆرسادەیەو ئەرکی هەر حکومەتێکە خۆی بە خەمخۆری نەتەوەکەی بزانێت.
بەپێی راپۆرتێك کە لە پار ساڵ و لەلایەن لیژنەیەك لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە تێدا هاتووە لەو ژمارە نەخۆشەی چەکی کیمیای سەردانیان کردوون "69" کەسیان تەندروستیان خراپەو توانای چارەسەریان لێرە نیە تەنها لەدەرەوە چارە دەکرێن، بەداخەوە ئەوەندە سستی لە ناردنەدەرەوەی ئەو نەخۆشانەدا نوێنرا تا "2" لەو کەسانەش چونە خانەی شەهیدیەوە و گیانیان لەدەستدا، ئێستاش یەکێکی دیان لەلێواری مەرگدایە کەناوی "کامیل عبدالقادر وەیس"ە، بۆیە ئێمە ئەو رێکخراوانەی کە لەخوارەوە ناومان هاتووە و هاوکات لەگەڵ ئەو ناوانەی ئیمزای ئەم یاداشتەمان کردوە لە رێی ئەم کەمپینەوە داوا ئەکەین بە پەلە ئەم کارانە کەئەرکی سەرەکی خۆتانەو ئەبوو زوتر بتان کردایە جێبەجێی بکەن.

1. ناردنە دەرەوەی بەپەلەی کامیل عبدالقادر وەیس بۆ چارەسەرو هەرچی پێویستیە بۆی بکرێت تاچی زوترە ژیانی بۆ بگەرێتەوە.
2. ئەو نەخۆشانەی کە لەو راپۆرتە پزیشکیەدا ناویان هاتووە و وە ئەوانەشی کە لەو راپۆرتەدا نەبینراون پەلە لە ناردنە دەرەوەیان بکرێت و کاری پێویستیان بۆ ئەنجام بدرێت.

بۆ وەڵامی جدی و بەپەلەی ئێوە مۆڵەتی 10 رۆژ دیاری دەکەین، ئەگەرنا ناچار دەبین بەگرتنە بەری رێگای مەدەنیانەی دیکە و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەخەمساردیتان.
بەهیوای هەموو لایەك ئەمە بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت و لەبەرامبەر شەهیدان و قوربانیانی هەڵەبجەدا خۆی بەقەرزدار تەماشابکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

**ناوی ڕێکخراوەکانی بەشدار لەم کەمپینەدا:**

1. گروپی چاودێری و بەدوادا چوون
2. ناوەندی چاك/ هەڵەبجەی شەهید
3. سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ D. H. R. D ئۆفیسی هەڵەبجە
4. یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان لقی شارەزوور
5. کۆمەڵەی روناکبیری و گەشەپێدانی هەڵەبجە
6. ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.